هەرێمی کوردستان و تیۆری جەنگی داڕووخاندنی یوری بێزمینوڤ

عەبدولرەزاق مەهدی

"کاتێک نەتەوەیەک دەبێتە قوربانی شکستێکی دەروونی، ئەوە نیشانەی کۆتایی و نەمانی ئەو نەتەوەیەیە" (ئیبن خەلدوون)

یوری بێزمینۆڤ لە ١٩٣٩/١٢/١١ لە مۆسکۆ لە دایک بووە. لە سوپای یەکێتیی سۆڤیەت-دا ئەفسەر بوو. بەهۆی باوکییەوە لە پەیمانگای زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان وەرگیراوە، ئەم پەیمانگایە سەر بە دەزگای کەی جی بی (KGB)، هەواڵگری سۆڤیەتی، بووە. پاش دەرچوونی لە بەشی زمان بۆ هیندستان دەگوازرێتەوە، لەوێ خزمەتی سۆڤیەت دەکات. ئەو دەمە سۆڤیەت-یش چەندین ڕێگای جیاوازی بەکاردەهێنا بۆ بنکۆڵ کردن و لاوازکردنی گەلانی دیکە، تا خۆی بە سەرداری سۆسیالیستەکانی جیهان بمێنێتەوە.

یوری بێزمینۆڤ لە هیندستان گوازرایەوە بۆ ئاژانسی ڕۆژنامەوانی نۆڤۆستی، کە ناوەندی سەرەکی بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە بوو لە دەزگای هەواڵگری سۆڤیەت لە مۆسکۆ. کاری سەرەکی دەبێتە بڵاوکردنەوەی زانیاری نادروست لەسەر وڵاتە بیانییەکان بە ئامانجی بەرزکردنەوەی پایەی سۆڤیەت و تێکدانی دۆخی ناوخۆیی وڵاتانی دوژمن.

دواتــر کاتێــک یــوری بێزمینــوڤ لە ئەمریکــا نیشــتەجێ دەبێــت، لە ١٩٨٤ یەکێــک لە پەڕتــووکە هەرە گرنگەکــانی خــۆی بەنــاوی "نــامەیەکی خۆشەویســتی بــۆ ئەمریکــا" دەنووســـێت، ئەم پەڕتـــووکە یەکـــێکە لەو بەرهەمـــانەی باســـی خـــاپوورکردن و بۆمبـــارانکردنی کلتـــووریی دەکـــات. لە پەڕتـــووکەکەی، بێزمینـــۆڤ دەڵێـــت: بـــۆ خـــاپوورکردنی هەر نەتەوەیەک گـــوزەرکردنی چـــوار قۆنـــاغ پێویســـتە، کە بەم جـــۆرە دابەشیان دەکات:

قۆناغی یەکەم، لەناوبردنی ڕەوشت و بەهاکانی کۆمەڵگا

ئەم قۆنــاغە پێویســتی بە مــاوەی ١٥-٢٠ ســاڵ هەیە، لەم مــاوەیەدا کــار بــۆ دروســتکردنی نەوەیەکــی نــابەرپرس و بــێ بــاک دەکرێــت. چــونکە پــێش ئەوەی بتەوێــت هەر وڵاتێــک تێــک بــدەیت، دەبێــت هێــزی بەرەنگارییــان لەناوبەریــت و خەڵکانێــک دروســت بکەیــت کە تەنیــا داوای مــاف بکــات بــێ ئەوەی بە ئەرکــی خــۆی هەڵبســتێت. ئامــانج لەم هەنگــاوە لـەبردنی هەمـــوو ئەو ئاســـتەنگانەیە کە دێـــنە پـــێش ئایـــدیۆلۆجیا نـــوێیەکەی وڵـاتی ڕووخێـــنەر، کە دەیەوێـــت لەو ڕێـــگەیەوە هەمـــوو بنەمـــا بەهێزەکـــانی ئایـــدیۆلۆجی نەتەوەیــی ئەو وڵاتە لەنــاو بەرێــت. قۆنــاغی یەکەم کــۆمەڵە ئاســتێک لە خــۆ دەگرێــت. لەم ئاســتەدا کــار دەکرێــت بــۆ لەنــاوبردن و بــێ ســەروبەرکردنی ئەو ناوەنــدانەی کە تاکەکــان پەروەردە دەکەن وەک:

بــواری ئــایینی، تێکــدانی بنەمــای ئــایینی زۆر دەســتکەوتی دەبێــت، بــۆ ئەم مەبەســتە پێویســـتە چەنــد ڕێگـــایەک بگیـــرێتە بەر وەک بەسیاســـیکردنی پیـــاوانی ئـــایینی، دروســـتکردنی پێکـــدژی و ڕقەبەرایەتـــی لە نێـــوان پیـــاوانی ئـــایینی، بەشـــێوەیەک کە پیاوانی ئایینی متمانەی خۆیان لای هاووڵاتییان لە دەست بدەن.

پەروەردە، سیســتەمی پەروەردە تێـک بـدە، مامۆسـتا و خوێنـدن بـێ بەهـا بـکە، بڕوانـامە بــخە پــێش فێربــوونەوە، تــاکی نەزان دروســت بــکە کە هــیچ کــات ئاشــنایەتییان لەگەڵ کتێبــدا نەبێــت. وا لە تاکەکــان بــکە مێــژووی خۆیــان نەزانــن و خۆیــان بە کەم ببیــنن. کۆمەڵێـك گەنجـی تـووڕە دروسـت بـکە کە بەهـیچ شـتێک ڕازی نەبـن، خۆیـان هیچیـان پـێ نەکرێـت و نەزانـن چییـان دەوێـت. هەوڵ بـدە قوتـابی لە وڵاتـانی بەئامـانج کـراو بهێنیـتە وڵاتی خــۆت و ئاشــنای وڵاتی خــۆتی بکەیــت و دواتــر بیــانێریتەوە تــاوەکوو لە وڵاتی خۆیــان نــوێنەرایەتی کلتــوورەکەت بــکەن . ئاســتی زانســتی لە زانکۆکــان لەنــاوبەرە، بــا قوتـابی بڕوانـامەی هەبێـت بەڵام زانسـتی پـێ نەبێـت، واتە کارێـک بـکە نە تـاک پەروەردە بکرێــت نە فێــر بکرێــت، ئەوکــات نەوەیەکــی نەزان و ناهۆشــیار دروســت دەبێــت کە گەمژاندنیان زۆر ئاسان بێت.

ڕاگەیانـدن، ڕاگەیانـدن بـێ سـەروبەر بـکە، ڕاسـتییەکان بشـێوێنە، سـۆزی خەڵـک ڕابکێشـە، بیروبـاوەڕی خـۆتی تێـدا بڵاو بـکەوە، نەیارەکـان بێـدەنگ بـکە، سـیمبولە نیشـتیمانییەکان ناشــرین بــکە، کێشــە ســەرەکییەکان بشــارەوە، ڕاگەیانــدن بــکە هۆکارێــک خەڵــك کــات بە فیرۆ بدات و نەتوانن خۆی دروست بکات و بیر لە بەرەنگاری و شۆڕش بکاتەوە.

کلتـــوور، پێویســـتە ڕوونـــاکبیر و هونەرمەنـــدەکان ڕابکێشـــیت و بیانکڕیـــت. کـــار بـــۆ دروســـــتکردنی کەســـــانێک بـــــکە کە وەک ڕوونـــــاکبیر بناســـــرێن و لە ڕێگەیـــــانەوە ئایـــدیۆلۆجیای خـــۆتی پـــێ بڵاوبکەرەوە، پێویســـتە ئەو ڕوونـــاکبیرە ســـاختانە وا گەورە بکـرێن تاکەکـانی کـۆمەڵگە بـێ ئەوەی بەخۆیـان بـزانن شـوێنیان بـکەون و لاسـاییان بـکەنەوە. یـوری بێزمینـۆڤ ئەو ڕۆژنـامەوان و نووسـەر و شـاعیرانەی ناونـاوە "بێئاگـا بەسوودەکان".

تێکدانی پەیکەربەندەکان

مەهـێڵە سـوپای نیشـتیمانی دروسـت ببێـت، ئەگەر هەشـی بـوو، ململانێی نێـوان سـەرکردە سـەربازییەکان قـووڵ بـکەرەوە و وایـان لـێ بـکە لە یەک ناوەنـدەوە فەرمـان وەرنەگـرن. سـوپایەکی لاوازی بـێ ئینتیمـا دروسـت بـکە. لە بـواری ئاسایشیشـدا وایـان لـێ بـکە بە پـارە بەرگـری لە نیشـتیمان بـکەن و بـێ پـارە نیشـتیمان بە هـی خۆیـان نەزانـن. لە بـواری سیاسـەتی نـاوخۆ، پـارتی سیاسـی زۆر و پێکـدژ دروسـت بـکە. سـیمبولە نیشـتیمانی و نەتەوایەتییەکـان تێـک بـدە و سـیمبولی زۆر دروسـت بـکە. بـۆ ئەوەی نەبـنە خـاوەن یەک سـیمبول و یەک پیـرۆزی. گرفتـی ژیـان زۆر بـکە تـاوەکوو خۆکوشـتن زۆر بێـت. دانیشـتوان بگـوازەوە و دیـاردەی کـۆچ دروسـت بـکە. ڕق و ناکۆکییەکـان قـووڵ بـکەرەوە، دواتـر وایـان لـێ بـکە بڵـێن هـیچ بە ئـێمە چارەسـەر ناکرێـت. هەوڵبـدە بەرپرسـەکانی دوژمـن فێـری لـووتبەرزی بـکە و دووریـان بـخەرەوە لە هاوولاتییـان. مەهـێڵە دەروونـی بەرپرسـەکان ئـارام بێـت و بیـر لە خـزمەت بـکەنەوە، هەمیشـە لەنـاو گرفـت سـەرقاڵیان

بکە تاوەکوو ئاگایان لە خزمەتکردن نەبێت. پاراستنی بەرژەوەندی تایبەت و تەماح چاوی بەرپرس کوێر دەکەن، ئەمەیان بۆ بکە بە کلتوور. هەمیشە داگیرکردنی کۆمەڵگە، واتە عەقڵ و زەین و دنیابینی، باشترە لە داگیرکردنی سەربازی. یەکەم هەنگاوی هێرشەکە دەبێت ئامانجەکە کۆمەڵگە بێت، پاش چەند ساڵێک ئینجا هێرشی سەربازی دەست پێ بکە. پێش ئەوەی هێرش بکەیت بۆ هەر وڵاتێک، هاووڵاتییەکان لە دەسەڵاتی خۆیان تووڕە بکە، تووڕەکان یارمەتیت دەدەن لە داگیرکردنی وڵاتەکەیان. ئەگەر وا نەکەیت قوربانی زۆر دەدەیت لە داگیرکردنی هەر وڵاتێک، وا لە دوژمن بکە نەزانێت لە کوێوە بەرگری بکات.

قۆناغی دووەم، ناسەقامگیری

دوای سەرکەوتن لە قۆناغی یەکەم، ئەم قوناغە سەر هەڵدەدات ئەم قۆناغەش پێویستی بە ٢ تا ٥ساڵ هەیە بۆ جێبەجێکردنی. لە ئەنجامی ڕووخانی بەهاکان و لەدەستدانی هیوا و ورەکان، هاووڵاتییان پەنا بۆ هەرکەسێک دەبەن کە بەڵێنی هاوکاری و باشترکردنی ژیانیان بدات. قووڵکردنی ناکۆکی و دەمارگیریی تائیفی/ئایینی، دانانی کەسی نەشیاو لە شوێنی شیاو، کارکردن بۆ ناچارکردنی بە ئەنجامدانی کاری هەڵە، بڵاوپێکردنی سیخوڕ، قەرزارکردنی وڵات و دروستکردنی ناسەقامگیری سیاسی، کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە ئابوورییەکان، ناچارکردن لەوەی

هەرچۆن چاکی بکات لە لادیەکی تـرەوە خـراپ بێـت. ئەگەر ویسـتت دەسـەڵاتێک بـنکەن بکەیـت وا لە سیاسـییەکان بـکە بەڵێنەکانیـان لە کردارەکانیـان زیـاتر بێـت و توانـای چارەسـەرکردنی کێشـەکانیان لـێ بسـتێنەوە. وا لە هاووڵاتییـان بـکە لە سیاسـەت و سیاسـەتمەدارەکان بێـزار بـن و هەمیشـە بەپەلە بـن لە چارەسـەرکردنی دۆخـی کـۆمەڵگە، لە کاتێکدا ئەم گرفتانەی کە هەیە بە ئاسانی چارەسەر نابن.

قۆناغی سێیەم، قەیرانەکان

ئەم قۆنـاغە بـۆ ئەنجامـدانی ٢ تـا ٦ مانـگ دەخایەنێـت، لەم قونـاغەدا کـار دەکرێـت بـۆ چالاککردنی شـانە نووسـتووەکان لە وڵاتی بە ئامـانج کـراودا. سـوود لە سەلێشـێواوی هاووڵاتییـان وەردەگیرێـت تـاوەکوو لە خـزمەت بەرژەوەنـدییەکان بەکـار بێـت. لەم قونـاغەدا وڵاتی ڕووخێـنەر پێویسـتی بە هێـزی سـەربازی نابێـت بـۆ داگیرکردنـی وڵاتی بە ئامـانج کـراو، چـونکە هەمـوو جومگەکـانی ئەو وڵاتە کەوتـووتە دەسـت پیـاوە نزیکەکـانی خـۆی، وڵاتی داگیرکـار دەتوانێـت موڵـک و سـامانی وڵاتی بە ئامـانج کـراو بخـاتە خزمەتـی خـۆی. بە ویسـتی خـۆی بڕیـاری سیاسـی لەو وڵاتە دەربکـات. لەم قۆنـاغەدا وڵاتی داگیـرکەر نە هێـزی بەکارهێنـاوە، نە هـیچ کەس پێـی دەزانێـت کە وڵاتێکی داگیـر کـردووە، نە وڵاتی داگیرکـراو بەئاسـانی دەتوانێـت هەڵبسـتێتەوە و

سەروەری خۆی بەدەست بهێنێتەوە، ناشتوانێت هیچ بەرگرییەک بکات و نازانێت لە کوێوە دەست بە چاکسازی بکات.

قوناغی چوارەم، ئاساییکردنەوە

دوای ئەوەی هاووڵاتییان ویست و توانای بەرەنگاریان لەدەستدا، کارکردن لەسەریان ئاسان دەبێت. بایەخ بە سوپا و هێزی سەربازی و هەواڵگری دەدرێت، هەموو بەرەنگارییەک لەناو دەبرێت، سەرکردەیەک لە دەسەڵات دادەنرێت کە گوێ لەمست و دارەدەست بێت. سەبارەت بە "بێئاگا بەسوودەکان" لە ڕۆژنامەوان و شاعیر و نووسەر و خۆفرۆشەکان، زۆربەیان دەخرێنە زیندان و هەندێکیشیان لە سێدارە دەدرێن لەبەرئەوەی هیچ بەهایەکیان نامێنێت، بێگومان هیچ بوارێک نادرێت بە ڕەخنەگرتن لە ڕژێمی نوێ و ئایدیۆلۆجیای نوێ.

بۆ ئەوەی لە قووڵدیی ئەم تیۆرە تێبگەین و بە وردی شیکاریمان بۆ کاریگەرییەکانی کردبێت، دەگەڕێینەوە بۆ "گۆستاف لۆبۆن"، فەیلەسووفی گەورەی فەرەنسی کە باسی جەماوەرەکان دەکات. بێگومان ئەم تیۆرییەی "جەنگی داڕووخاندن" وەک دیار بوو بنەمای جێبەجێکردنەکەی بریتییە لە پرۆسەی لە هاووڵاتییخستن و لە

نەتەوەخستنی کەسەکانی کۆمەڵگە، بە جەماوەرکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا بە ئامانج گیراو.

گۆستاف لۆبۆن دەڵێت "چەند هۆکارێک لە پەیدابوونی تایبەتمەندییەکانی نێو سروشتی جەماوەر و کۆمەڵگە کاریگەرن، یەکەم هۆکار ئەوەیە کە هەریەک لە تاکەکانی کۆمەڵگە و جەماوەرێک، تەنیا بەهۆی هەبوونی لەنێو کۆمەڵگەکەدا، هەست بە توانایەکی لەبن نەهاتوو و هەرگیز تێکنەشکاو دەکات. ئەمەش ڕێگەی بۆ خۆش دەکات ملکەچی هەندێک ڕەمەک بێت و ئەگەر ئەو هەستەشی نەبووایە ملکەچ نەدەبوو. تاکەکان بە ویست و بژاری خۆیان ملکەچیی دەنوێنن چونکە جەماوەر بە سروشتی خۆی بێئاگا و دەبەنگە هەر بۆیە هەست بە بەرپرسیارەتی ناکەن. جا لەبەر ئەوەی هەستکردن بە بەرپرسیارەتی تاکەکان جڵەو دەکات و ڕێگرییان لێ دەکات، بەڵام لە دۆخێکی وەهادا بەتەواوی برز دەبێت و دەسڕێتەوە.

بەم جۆرە لۆبۆن پێمان دەڵێت تاکی بە جەماوەر بوو کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە لەوانە:

یەکەم، لە ئەقڵانییەت دابڕان و لە نائەقڵانییەت شوناس وەرگرتن.

دووەم، تەواوی جووڵەکانی لەژێر کۆنترۆڵی ئەو ڕێبەرەدایە کە لە ڕێگەی ئایدۆلۆجیا و پروپاگەندە و هەژموونی دەروونی، دەستی گرتووە بەسەر جەماوەردا.

سێیەم، هەموو کردەوەکانی تاک دەچنە چوارچێوەی بێئاگایی.

چــوارەم، تــاک وەک ئــامراز بەکــار دەهێنرێــت بــۆ گەیشــتن بە ئامــانجی بەرانــبەر کە زۆربەی جار ئەم ئامانجە دژی بەرژەوەندی و سەروەریی تاکەکانە.

لێــرەدا بەرچــاوڕوونی تەواومــان بــۆ دروســت بــوو لەبــارەی ئەم جەنگــی داڕووخــانەی کە یــۆری بێزمینــۆڤ قســەی لەســەر دەکــات، بەمەش دەتــوانین ئەنجــامگیری بــۆ بکەیــن و لە چەنــد خاڵێکــدا کــۆی بکەیــنەوە. ئەم تیــۆرییە دەچێــتە خــانەی "جەنگــی دەروونــی ستراتیجییەوە".

ئەم جەنــگە دەروونیــیە ئاراســتەی هەمــوو ئەنــدامانی دوژمــن دەکرێــت، بە خەڵکــی مەدەنــی و ســەربازەوە، بە چەنــدین شــێواز بەکــار دەهێنرێــت. ئەم شــێوە جەنــگە دەروونیــیە لە ڕووی زەمەنیــیەوە لەپــێش پێکــانی ئامانجەکــان بە دووربینــی ناســراوە، واتە دوور ئامــانجە، بە کــات و شــوێنی دیــاریکراو پەیوەســت نیــیە، ئامــانجی کەمــۆکردنی جەمــاوەرە کە ئاڕاســتەی خەڵکــانێکی زۆر و شــوێنێکی فــراوان دەکرێــت. مەبەســتیش لێــی کــارکردنە لەســەر ڕاوبۆچــوون و ڕەفتــاری خەڵــک لە نــزیکمەوداو و، مەبەســتی دەستبەسەراگرتنی وڵاتە وەک دوا ئامانج.

جەنگی دەروونی و دۆخی هەرێمی کوردستان

لە پــاش ڕیفرانــدۆم بــۆ ســەربەخۆیی کوردســتان، جەنگــی دەروونــی لەســەر کوردســتان بەشێوازێکی نــوێ و چڕییەکــی زیــاتر دەســتی پێــی کــردووە. قونــاغێکی نــوێ دەســتی پێــی

کـردووە و دەزگـا میـدیاییەکانی وڵاتی دەوروبەر و هەنـدێک لە دەزگـا خۆماڵییەکـانیش ڕۆڵێکـی یەکجـار گەورە لەم جەنــگەدا دەگێــڕن. تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکــان بــوونەتە بەرەی جەنگـی سـەرەکی، لە هەمـان کاتـدا بـوونەتە ئـامرازی سـەرەکی جەنـگ. ئەم لایەنـانەی ئەو جەنگەیــان بەرپــا کــردووە، مەبەســتێکی ســەرەکییان هەیە ئەویــش کوشــتنی گیــانی فیداکاری و بەرگری و ملکەچکردنە بە مەرجەکانی داگیرکەران.

سەرچاوەکان


1. سیاســەت، ڕاڤەکردنــی هــزرە مەزنەکــان بە زمــانی ســادە، کۆمەڵێــک نووســەر، وەرگێڕانی ڕەسووڵ سوڵتانی، کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدی خانی، ٢٠٢٠.
2. کۆمەڵناسیی جەنگ، سورێن ئەکرەم، چاپخانەی تاران، ٢٠٢٠.
3. ســایکۆلۆجیای جەمــاوەر، گۆســتاف لۆبــۆن، وەرگێڕانــی ســەلاح ســەعدی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٧.
4. جەنگی دەروونی، ئاراس فەریق زەینەڵ، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠١٩.
5. جەنگــی زانیــاری، ســیخوڕی، ســێکس، فریــودان، ســیروان حوســێن بیەیــی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٨.